
# دوا ڕێگە و دوا مەنزڵ نیت

کەریم دەشتی

١

سەیرکە هەموو ئۆدیسایەک
لە گەڕان بەدوای نیشتمان
ئاو و ئاو چووە
لە کەناری ئەفسانەکاندا کەوتووە
هەموو چارۆگەیێ
بەسەر کەشتیی نەجاتەوە
تووشی تۆڕی گەرداو بووە
هەموو یووسفێ
لە تاریکستانی بیرەوە
شەیدای درەوشانەوەی مانگ بووە
هەموو مەلێ
بە دەست تەمی ئاسمانەوە
غەریبیی فڕین دەکا و بێزار بووە
هەموو چاوێ
بەدەست ئەشکی خوێنینەوە
شەیدای چۆڕێ هەتاو بووە
دڵی منیش بەدەست تۆوە
وەک نەخشەی نیشتمانەکەم
لەت لەت بووە



٢

دوا ڕێگە و دوا مەنزڵ نیت
ئەی خاک
بەڵام پیرۆزترینیانی
باوانیش پێناو بوون
ئێمەیش
تۆ ساڕێژ و برینیانی

شکا باڵیان
تۆ شاباڵ و فڕینیانی
هەزاران بوون، لەم ڕێگەدا
ئەی خاک، تۆ هەموویانی

٣

پەنجەی نەرمت
بنێ بە چاوی تاریکی
ئەوەندەی نەماوە ڕۆژگاری تاڵ
هاوار بکا و بڵێ بۆ؟
زۆر ناکێشێ قەفتەی ڕاستی
بکەوێتە ناو دەستی تۆ

٤

درەنگە وا شەو ڕائەشکێ
مانگ بە غەمگینی ئەدرەوشێتەوە
مەینۆشان کەم کەم
مێزی سەرسامیی خۆیان جێ دێڵن
سەبەتەی سەری
پڕ لە شەرابیان ئەترینگێتەوە
کاتیەتی منیش بەرەو نادیار
دەرگەی ئەبەدیی خۆم واڵا بکەم
بە نێو ئەم هەموو تێلدڕ و ئاوە
قاچەکانیشم ساڵەهای ساڵە
بە قەفی قەبەی
زنجیری سپیی خاک بەستراوە
سەرسامم کەوا
ئا ئەم زنجیرە چۆن بپچڕێنم
کە وادەی هەتاهەتایی خۆمم
بە بوونی چیا و ڕەوەز و لووتکەی نیشتمان داوە
درەنگە وا شەو لە من ڕائەشکێ
یادەوەریشم کووچکووچەیەکە و
لەدواما ئەخشێ

کام ڕێگا ئەمبا و هەڵم ئەداتە ئەم یۆتۆبیایە
سەری شەلاڵی ئەندێشە کردووم
کە من پەیمانەی شەرابی سەبرم
لەمێژە شکاوە

٥

تەمی شووشەی گەردنی خۆت بسڕەوە
ئازادی و ئامانجی منی
تۆ ئاشقێکی غەمگینی ئەم ڕۆژگارەی
ئازادی و مەتەرێزی منی
لە بەر بای ساردی شەوگاردا
خۆت ڕاگرە
پێویست بە سووتووێ ناکات
کە ئەوین تۆی سووتاندووە
دڵت کوانووی پڕ ئاگرە
ئەو بڵێسەی لە وێدایە
جوانیی خاک بەرپای کردووە
خامۆش نابێ تا هەتایە

٦

پێم بڵێ تۆ
چۆن لە نێو کوورەی دڵمدا ماویتەوە
خۆت لەبەر تاڤگەی خوێنمدا هەڵخستووە؟
کە تژی گڕ و کڵپەیە و هەورەتریشقەی
هەڵگرتووە.

٧

من بەندەی ناو
کوورەی گەرمی یادەوەرییم
ڕابوردوو چەشتەی ئەبەدییم
بەردەوام مەینەتباری ناو گەردوونی نادیاری تۆم
کە شەو و ڕۆژ
وەک دژوارترین خەونی خۆش

ئەو سەرەم پڕ برین ئەکا
ئەمکا بە کۆیلەی دڵی خۆم
سەختە ئاگرچەشتەی دەستی خۆت بی،
بەڵام هەرگیز پێی نەزانی
هەم جەللادی
ڕۆحت بێت و
هەم قوربانی

٨

من و تۆ ئاگر بووین
با هات و ژیلەمۆی فڕاندین
گەوهەر بووین
خۆڵەمێش درەوشانەوەی خامۆش کردین
زرێی زێدی یەکتر بووین
شمشێر و شەبەیخوون
تاجی لێ ئەستاندین
من و تۆ، ئاخ من و تۆ.
گەیشتینە کانیلەی ئاوی جاویدان
قەدەر پەیمانەی شکاندین
ئێستێکە من لەبەر بای تووڕە وەستاوم، بۆوەی کە
نیشانەی نەخشە و ناوت بم
نەمردووم، هەر ماوم